لە دارەتوو زەوی بۆ منداڵانی بەرپرسان

هەژاران و پاشماوەی قوربانیانیش بۆ کرێچێتی !!!

باوکی خەندە

ڕێککەوت وایە , پێش ڕاپەڕین ڕەبایەکانی فەوجەکەی عەقید حەمید پارێزگاریان لە ئۆردوگای دارەتوو دەکرد , لە ترسی کاری تێکدەرانەی هەڵگەڕاوە کوردەکان شەوو ڕۆژ دەست لەسەر پەلاپیتکە لە سەنگەردا بوون , تاکو پێیانکرا پارێزگاریان لە ئاشتی و ئاسایشی ئەو ئۆردوگا زۆرە ملێیە دەکرد , تا دواچرکەی تەمەنی ڕژێم و تا دوا سەموون لەگەڵیدا مانەوە .

ئێستا لە هەمان ئۆردوگا مامۆستا نەبەز کوڕی عەقید حەمید بەڕێوەبەری ناحییەیەتی ئەمەیە دووبارە بوونەوەی مێژوو بەڵام بە شێوەی کۆمیدییەکەی .

عەلی عومەر خەڵکی ناوچەی ساڵەییە , لەبەر ئەوەی بە ماتۆڕ مریشکی دەفرۆشت , جەماوەر ناویان لێ نابوو عەلی مامر , برایەکی لە شۆڕشی ئەیلول بوو بە قوربانی , براکەی دیشی زیادەی مام عومەر کە هاوڕێم بوو لە گرتنی شاری تەقتەقدا گیانی لە دەستدا , بوکی تازەی بە بێوەژنی بەجێ هێشت . یەکیان بە پارتێتی شەهید بوو , ئەوی دی بە ینکی گیانی بەختکرد .

لە کاتێکدا بەڕێوەبەری ناحیە عەلی مامر تاوانبار دەکات بەوەی ئەو لە سەردەمی حکومەتەوە موختارە لەو ئۆردوگایە , لە وەڵامدا عەلی پێی دەڵێت : لەو کاتەوە موختارم کە باوکت لە بازگەی دارەتوو سەگی بەردەدایە گیان خەڵك , ئەمە ئەو حیوارەیە جەماوەری دارەتوو هەموو لەبەرییان کردووە , هەموو کات لەسەر زارییانە و لە داهاتوودا دەبێت بە بەشێك لە فۆلکلۆری کوردی .

ئێستا بەڕێوەبەری ناحیە حاکمی قەرەقووشی ئۆردوگایە , دەکوژێت و ناشارێتەوە , بەر بۆتە گیانی خەڵکی هەژارو چەوساوەی دارەتوو , کە هەندێکیان پاشماوەی ئەو ئەنفالکراوانەن باوکی کاتی خۆی تەسلیمیانی کردەوە , ئەمڕۆ کەس نییە ئێسکەکانیان بۆ کەس و کاریان بهێنێتەوە .

حاکمی شارۆچکە پارسالّ بە بەهانەی بوونی مێشوولە بڕیاری لەڕەگ دەرهێنانی هەموو دارەکانی ناو دارەتووی دا , دار نیشانەی بەردەوامی ژییانە , بەڵام ئەو وەك باوکی دژ بە ژییانە , نازانم لە چ وڵاتێکدا میری بڕیاری بڕینەوەی سەوزایی داوە , مەگەر لە ڕژێمە فاشستییەکەی وەك سەدام , بەڵام بەڕێزی بۆخۆی باش دەزانێت چی دەکات , دواتر شوێن دارەکان کە بە تاپۆی ٦٠٠٠ یی بە ناوبانگە هەمووی دا بە کەس و کاری خۆی و لەسەریان تاپۆی ڕەشیکرد , داخوا دەبێت چەندی بە نیوەیی بێت ؟؟؟ , کە هەر پارچەی ئێستا دەفتەرە دۆلارێك زیاتر دەکات .

بەرپرسانی دارەتوو تاکو ئێستا نەیانتوانییوە تاکە دارێك لە دارەتوو بنێژن , کەچی لە تەماحی زەوییەکەی ژێر دارەکان , باخچەی خەڵك کوێر دەکەنەوەو هەزاران دار لە ڕەگ دەردەهێنن .

بڕیاری ئەوە دەرچوو ٩٨ دوکان لە دارەتوو بۆ بالە فرۆشەکان دروستبکەن , بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەو شارەوانی داوای ئەوەیان لە بەڵێندەران کرد , ئەوەی دوکانەکان دروست دەکات , پێویستە ١٠ دوکانیان بۆ هەردوکیان بێت , بە خۆڕایی پێشکەشیان بکرێت وەك بەرتیل , ئێستا مامۆستا سوارە - مامۆستا جەوهەر - شێخ نووری خەریکی دروستکردنی ئەو دوکانانەن , دیارە ١٠ دوکانەکەی کاك نەبەز و کاك بەرزانی شارەوانیش لە گیرفانە , کرێیان لە ئێستاوە مسۆگەرە .

لەم ڕۆژانە بڕیاری دابەشکردنی ٤٠٠٠ پارچە زەوی لە دارەتوو دەرچوو , ئەم زەوییانە بە خاڵ دابەش ناکرێت بەسەر هاوڵاتیانی ئۆردوگا زۆرە ملێکە , بەڵکە ئەوەی پێویستە دەبێت مرۆڤ ئەم خاڵانەی خوارەوەی هەبێت :

- خزمی بەرپرسان بیت .
- پارتی بیت .

ئەگەر ئەو پنتانەی(خاڵ) تێدا بێت , منداڵی ٧ ساڵانە بیت ئەوا زەوی خۆت وەردەگریت , وەك چۆن هەندێك لە وەجبەی یەکەم حەڵاڵییان کرد , یاخود دارەتووت هەر نەبینیبێت ئەوا زەوی لە گیرفانتە , وەك ئەوانەی بۆیان دەرچووە , ئێستا زەوییەکان خۆیان پێ نادۆزرێتەوە , ئەگەر ژمارەی خانەوادەکەت چەند کەس بێت

گرنگ نییە ؟؟ , بە ئەندازەی ژمارەی خێزانەکەت پارچە زەوی حەڵاڵ دەکەیت , تەنانەت بۆ ئەو منداڵانەی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژی خۆشیان تەواو نەکردووە , پارچە زەوی لە ناوچەوانییان نووسراوە , گرنگیش نییە چەندە دەوڵەمەندیت و چیت هەیە , وەك ئەو دەوڵەمەندانەی ناویان بەقەد ناحییەوە هەڵواسرابوو , بەختیان یار بوو تۆفانەکە کردییەوە و شەرمەزارییەکەیان سرایەوە لە بەرچاو نەما .

ئیتر کرێچییەکان دارەتوو , ئەوانەی هەر ڕۆژەی لە گەڕەکێکن , ناتوانن کرێ خانوو بدەن , بەهۆی ئەوەی کەس و کاری بەرپرسان و ئەندامی پارتی نیێ با بینۆشن . ئەو لاوانەی تازەگی خێزانییان پێکەوە ناوە با زەقەی چاویان بێت لە بەر چاویان منداڵانی ناو بێشکە زەوییان بۆ دەرچێت , کێ وتی پێش پارتی بوون خێزانی بەرپرسەن پێکەوە بنێن .

گرنگ نییە لە کاتی هەڵبژاردن بەرپرسان تاقەتی دەنگدانیان نییە , ئەوانیش بۆ کورد هێقە دەدڕن , شار بە شار دەکەن بۆ زیادکردنی دەنگێك بۆ کورد , تاکو ٤ ساڵی دی کەس کاری پێیان نەماوە .

لە سایەی دادپەروەری کاك نەبەزدا , کە کۆلێژی یاسای تەواو کردووە و لە قوتابخانەکەی باوکی پەروەردە کراوە , بە کۆمەڵ پارچە زەویت بۆ ئەنفال دەکات , وەك چۆن باوکی بە کۆمەڵ مرۆڤی ئەنفال دەکرد .

گرنگ نییە خەڵکی دارەتوو هەموو بە یەك دەنگ شەڕییان دەکرد لەسەر دەنگدان بۆ لیستی ٧٣٠ , کەچی ئێستا دابەش دەکرێن بە سەر پۆل پۆلا , دیارە دەنگی پارتییەکان و کەس و کاری بەرپرسەکان تایبەتی بوونەو لە دەنگەکانی دی قورستر بوونە , کورسییەکان بەغدایان بە دەنگی خۆیان بۆ کورد هێناوەتەوە؟؟؟ .

درۆی پێش هەڵبژاردن بە قرانێك , لە کاتی هەڵبژاردن هەموو یەکین , لێمان دەپارێنەوە , لێ لە دوای دەنگدان پلە پلە جیادەکرێینەوە بۆ بەرپرس و جەماوەر , حیزبی و نا حیزبی ..... , بەسەر ڕەنگ و عەشیرەت و خێڵ و دەستەو تاقمدا دابەش دەکرێینەوە .

ئەگەر ١٨٢٠٠٠ ئەنفالکراوەکەی کوردستان هەمووی کەس و کاری تۆ بێت , ئەگەر عومەر خاوەر بابت و , هەر ٢ ملیۆن دەنگەکەی ٧٣٠ بە ڕەنجی تۆ پەیدا کرابێت , هەر ڕۆژەی ماڵەکەت بە باری تراکتۆرێکەوە بێت , لە تەمبەڵ لێدانی دارەتوەوە لەوێ بوبیت , ئەوا نەبەز و هەموو نەبەزەکانی دی لەم کوردستانە بە تاکە فلسێك نایکرێت , دەبێت کۆنە چەکداری عەقید حەمیدی باوکی و پارتی و کەس و کاری بەرپرسان بیت , ئەوسا دەتوانیت پارچە زەوییەکی ٢٠٠ مەتری لە باغەمرەی دارەتوو حەڵاڵ بکەیت , پاش ئەوەی لە کاك نەبەز و کۆنە جاشەکان بابی زیاد دەبێت.

ئەگەر وا نییە کەس و کاری ئەنفالکراوو شەهیدانم پێ نیشان بدەن لە دارەتوو بستە زەوییەکیان پێ دراببێت ؟؟ , هەرچەندە هیچ کات ئەوان چاوەڕوانی ئەوە نیین کوڕی ئەنفالچییەك پاداشتیان بکات .

هەموو دارەتوو لەناو چڵکاودا غەرق بووە , ڕێگەیەك شك نابەیت ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بکەیت , کاك نەبەز لە دارەتوەوە بۆ گوندەکەی خۆیان ڕێگای تایبەتی ڕادەکێشێت, لە سەردەمی بەعس بیری ئیرتیوازیان بۆ لێدرا , ئێستاش ڕێگایان بۆ ڕاکێشرا , ئەم ڕێگایە لە چاوەڕوانی قیرتاوکردندایە .

لە هەولێرەوە

(کەشك)یش برای دۆیە

نازاد هەینی

مافی هەمو تاکێکە بۆ دەربڕدنی هەر ڕاوبۆچوونێك لە ڕێگای چاپەمەنی جا بەهەر شێوەیەك بێ وبێ ئەوەی بخرێتە ژێر هیچ سانسۆرێك ،چونکە هەر چاپەمەنیشە گەورەترین ڕۆڵی گێڕاوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای سیاسی وکۆمەڵایەتی ، هەر ئەم بوارەشە بووەتە سەکۆی ڕاستەقینەی ئازادی خوازان .

خەریکە بەرپرسانی حیزبی وحکومی ئێمە ، ئەگەر ڕۆژنامەیەك تەواو پابەندی ڕێبازی سیاسەتی ئەو نەبێ , ئەوا بەهەر هەواڵێك یان ڕایەك یەکسەر پێقەڵس دەبێ وخۆی پێ ناگیرێ چونکە ئەو تەنها لەو گۆشەیە سەیری ڕۆژنامەکە دەکات کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو ناگونجێ ، هەر بۆیەش ڕۆژنامەگەری نەیتوانیوە کێڕڤی چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆمەڵایەتی وکێشەکانی خەڵك بگەینێتە ئاستێکی بەرزتر .

لەهەفتەی ڕابردوو هەواڵێك لەم هەواڵنامەیە بڵاوکرایەوە کە بووە هۆی نیگەرانی چەند کادیرێکی ڕاگەیاندن تایەخەی منی گرتەوە بەبێ ئەوەی نە لەنزیك ونە لەدوور ئاگاداریم تەنها لەبەر ئەوەی ئەم گوشەیەم هەیە ، هەر بۆیەش بەرپرسەکە رووی لەمن دەکردو دەی ووت : هەق وایە ئەم هەواڵنامەیە لەم جۆرە هەواڵانە دوور کەوێتەوە وبەتەنگ کێشە گشتییەکانەوە زیاتر خۆی خەریك بکات ، هەر لەکاتی ئەم گفت وگۆیانە یەکێکی تر هاتە قسەکردن ودەی ووت : پێویستە باس لە کێشەکانی ئێرە واتە هەولێر بکرێ وەك کێشەی (سووتەمەنی ، کارەبا ، زانکو ، پەروەردە ، گرانی کەل وپەل .. هتد) نەك ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاوکریتەوە ، وەك ئەوەی لە ئیدارەکەی ئەولا ، نەوت وگاز بەبۆری گەیشتبێتە ماڵان کارەباش چارەسەر کرابێ وزانکوش قبوولّ خاصی نەبێ و گەندەڵیش بن بڕ کرابێ وهەزارانیش باڵی بەسەر شارە حەیاتەکەدا کێشابێ وهەرچی کێشەی نێوان بەرپرسەکان هەیە چارەسەر کرابێ وپروژەکانیش وەك میلی کات ژمێر دەسوڕێت وئەوەی کێشەیە هەمووی چارەی گونجاوی بۆ دۆزرا بێتەوە ئەوەی ماویشە پلانی ڕێك وپێکی بۆ دارێژرا بێ ، کاکی ڕەخنەگرو داواکار وادیارە نازانێ .

پۆلیس .. سەگ نییە

خەندە جەمال ڕەئووف

من هەمیشە بەگەورەترین بەڕێوەبەرانی کۆمەڵت دەبینم، کاتێك بەپاس یان بەئوتومبێل لەگەرماو سەرمادا بەلاتدا تێپەڕ دەبم، دەبینم بەو شەستە بارانە یان گەرما پڕوکێنە وەستاویت بێ پەروا سەرقاڵی ڕێکخستنی ریتمی هاتووچۆیت، هێندەی دیکە موقەدەستر دەبیت لەپێش چاوم، تۆ ئەی مرۆڤە مەزنەکە (پۆلیس) تۆو مامۆستا لەزیهنی مندا لەکەسە بەئەمەکو پیرۆزەکانن کەزۆر هیلاکو ماندوون... دڵنیام.

بەداخیشەوەم کە کەسانێکی هەلپەرستو ڕێز لەیاسا نەگر، هەندێکجار ڕەفتاری ناشرین دەرهەقتان دەنوێنن.

ڕۆژێك لەپاسێکدا بووم دەگەڕامەوە، نزیك شوێن دابەزینم بوومەوە پاسەکە بەو فولکەیەدا پێچی کردەوە کەژمارەیەك پۆلیسو ئاسایش وەستابوون، پاسەکە کەمێك وەستاو پەرییەوە ئەوبەرەوە منیش خۆم ئامادەکرد، بەڵام کاکەی شۆفێر وایزانی دادەبەزم وتی: بوەستە خوشکم ئەها ئەوانە وەستاون دەڵێی سەگن سەگ، دەوەرن!!! ئەم چەند وشەیە زۆر کاریگەر بوون لەلای منو توڕەیان کردمو وتم دانابەزم کەوەستایت ئەوسا...

کاکەی شۆفێری هێڵەکەی بەکرەجۆ، ئەوانە سەگ نین مێژوویەکن لەسەروەریو کاری بەئەمەکو کارئاسانی، ئەوانە موقەدەسو لەخۆبوردەنو یاسا پەیڕەو دەکەنو چاوێکیان دەکەنە دە چاو، تا ڕێ لەهەڵەو کاری نەشیاو بگرن، هاوکارییان بە تا هاوکارت بن... ڕێزیان لێبگرە تا کارئاسانیت بۆ بکەن، بە نەوتنی ئەو چەند وشەیە ڕێزی خۆت زیاتر دەبوو لەلای سەرنشینانی پاسەکەتو ئەو ڕەفتارو وشە نابەجێیانە بۆ خۆت هەڵگرە باشترە... ئەدی هەر ئێوەی هاووڵاتی نێن کاتێك گەندەڵیو نایاساییەك بەدی دەکەن خێرا هاوار دەکەنو دێنە سەر جادەکانو دادوبێدادتان دەبێت لەدەست حکومەتو نایاسایی؟؟ کەیاساو ڕەوشەکەش لەگەڵ حەزو ویستتاندا نەبێتو کەسانی لێپرسراو یاساییانە مامەڵەتان لەگەڵ بکەن بەو قسە ناشرینانە کینەی دڵتان دەردەبڕن!!!

دادو بێ دادی

لێکۆڵەرەوە دادیەکانی هەولێر

هێمن شوانی

هەشت مانگ لەمە و بەر بە بریارێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی عێراق بریار درا بە دابین کردنی بڕی (٢٠٠) هەزار دینار وەك دەرماڵەی مەترسی (مخصصات خطورة) بۆ لێکۆڵەرەوە دادیەکانی بنکەکانی پۆلیس بەلام تائێستا لە ئیدارەی هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بریارە جێبەجێ نەکراوە.

لەمانگی ١٢ ی ساڵی ڕابردوو لە ئەنجامی ڕێپێوانێکی لێکۆڵەرەوە دادیەکانی هەولێر بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان بریار درا کە بڕی ٢٠٠ هەزار دینار لە ٢٠٠٥/١٢/١ وە بۆ لێکۆڵەرەوە دادیەکانی هەرێمی کوردستانیش بە فەرمانگە و بنکەکانی پۆلیسەوە خەرج بکرێت بەلام لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١٢ بە بریارێکی تر ئەم برە پارەیە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر لە ٢٠٠ هەزارەوە کرا بە ١٠٠ هەزار دینار

بۆ نارەزایی دەربڕین دژی ئەم بریارە سەعات ٩ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٦/٢/٢٠ نزیکەی ١٠٠ لێکۆڵەرەوەی دادی فەرمانگەکانی هەولێر و بنکەکانی پۆلیس ڕێپێوانێکیان بۆ بەردەم وەزارەتی دادی ئیدارەی هەولێر سازدا.

لەوێ لەلایەن وەزیری داد و بەڕێوەبەرەکانی وەزارەت پێشوازیان لێ کرا و , پاشان هادی عەلی وەزیری داد لە ئیدارەی هەولێر لە وتەیەکی کورتدا پشتگیری خۆی بۆ داخوازیەکانیان دەربری و ئاماژەی بەوە دا کە لەسەرەتای دەرچوونی بریارەکە لە بەغدا وەزارەتیش داوای لە حکومەتی هەرێم کرد ئەم دەرماڵەیە بۆ لێکۆڵەرەوە دادیەکان بەبێ جیاوازی خەرج بکرێت , ئەوانیش بریاریاندا لە ١٢/١ وە بڕی ٢٠٠ هەزار دینار مانگانە وەك دەرماڵەی مەترسی بۆ لێکۆڵەرەوە دادیەکان بەگشتی سەرف بکەن بەڵام دەرچوونی بریارێکی تر لە ٢٠٠٦/٢/١٢ لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوری ئیدارەی هەولێرەوە بۆ کەم کردنەوەی دەرماڵەکە بۆ ١٠٠ هەزار شتێکی کت و پڕە, ئەوان پێیان ڕاگەیاندوین کە ئەم بریارە بۆ ئەوەی بووە کە هەم لێکۆڵەرەوە دادیەکانی فەرمانگەکان و هەم لێکۆڵەرەوە دادیەکانی بنەکەکانی پۆلیس لەم بریارەی بەغدا سود مەند بن.چونکە خۆی لەبنەرەتدا ئەم بریارە تەنها بۆ لێکۆڵەرەوە دادیەکانی بنکەکانی پۆلیسە

بەلام ئێمە جارێکی تر نووسراوی پشتگیریمان بۆتان کردوە

پاشان وێنەیەکی نووسراوی پشتگیری وەزارەتی داد درایە خۆنیشاندەران و تاوەکو بیگەیێننە ئەنجومەنی وەزیرانی هەولێر.

خۆنیشاندەران درێژەیان بە خۆنیشاندانەکەیان دا بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان بەرێ کەوتن بەڵام بەبیانووی نەبوونی مۆڵەتی خۆنیشاندان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێم و هێزێکی گەورەی پۆلیس ڕێگەیان لێ گیرا نەیان هێشت درێژە بە خۆنیشاندانەکەیان بدەن..

مامۆستایانی ئاینی و بارودۆخی شێواوی ئەم وولاتە

بەهجەت محەمەد

مامۆستایانی ئاینی لەمیانەی وتارەکانی ڕۆژانی هەینی و بەرنامە ئاینیەکان لەڕادیۆو تەلەفزیۆنەکاندا کاتێك باس لەم ڕوداوانەو حاڵ و بارودۆخە نا لەبارەی ژیان دەکەن خۆیان لەبەرپرسیار کردنی ئەو کەس و لایەنانە ئەدزنەوە کەباری ژیانی خەڵکی ئەم وولاتەیان شێواندوە ئەو کارەساتانەیان خوڵقاندوە . . ئۆ باڵەکەی دەخەنە ئەستۆی خەڵکەکە گوایە بەهۆی گوناحەو خراپەی خۆیانەوەیە بەو قسەیە کە زۆر جار دەوترێتەوە دووبارە دەکرێتەوە پاساو بۆ ئەو کەسانە دروست دەکەن و حەق ئەدەنە دەستیان بەردەوام بن لەپێشێل کردنی ئازادیەکانی خەڵك کەخوا پێی داون بەزۆر ئەیانەوێ خەڵك بکەن بە موسڵمان . . ئەو موسڵمانەی ئەوان دەیانەوێ . . ئەو گوناحە و خراپەیەی باس دەکرێ لەم وولاتەی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ وولاتانی تر گوناحەو خراپە نییە لەراستیدا ئەوەی هەندێ کەسانی ساویلکە دەیکەن لەئاکارو کردارو ڕەفتاری نابەجێ ئەو جۆرە جلوبەرگەی کچان و ژنانی ئەم وولاتە لەبەری دەکەن لەووڵاتانی ترەوە داهێنراوە خەڵکی ئەو وولاتانە لەوپەری خۆشیدا دەژێن و هیچ کێشەو گیرو گرفتیەکیان نییە و دوورن لەشەرو کوشت و کوشتار ئەو کارەساتانەی بەسەر کوردو عێراقیەکاندا هاتووە ڕووداوی سروشتی نییە بەڵکە بەدەستی ئەنقەست لەلایەن خەڵکانێکەوە ئەنجام دەدرێت لەپەنای ئیسلام و بەناوی موسڵمانەوە لەپێناو بەدیهێنانی مەرامی تایبەت و ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندی خۆیان. هێشتا ئێمە بەو شێوەیە لەگوناحەو خراپە دا نوقم نەبووینە لەئێمە گوناح کارو خراپ زۆرتر هەیە خراپە لەوولاتانی ئێمەوە بۆ وولاتانی تر نەچووە بەپێچەوانەوە لەوولاتانی ترەوە بەرپابووە تیرۆرستان بەبان ئەو فەسادەی لەوولاتەکانی خۆیاندایە هاتونەتە وولاتانی ئێمەوە دونیا کاتێك تێك دەچێت بارو دۆخەکە بۆیە بەم شێوەیە نالەبارو ناهەموار بووە لەبەر ئەوەیە ئەو ئازایەتیە نەماوە لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە قسەی ڕاستی حەق بکرێت بەدەنگێکی بەرز هاواری پێ بکرێت مامۆستایان ئەمڕۆ لەهەموو کاتێ زیاتر پێویستە بوێرو ئازابن وسڵ لەهەرەشەو مەترسی نەکەنەوە ئەوەی پێویستە ڕاستەو حەقە بیڵێن بەبێ پێچوپەناو ئەم لاو ئەولاو لادان هەرکەسێ بترسێ ئەوان نابێ بترسن .